


## ئیلهام مەدفەعی:

# ئەگەر هۆنراوەیەکی جوانم دەست بکەویٚ کاریٚکی جوان بۆ کوردستان دەکەم

دیمانە/ هەوراز چنگیانی

یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ستایلێکی تایبەتی هەیە کە خۆی لە تێکەڵ کردنی گیتارژەنینی رۆژئاوایی بە گۆرانی فۆلکلۆری عێراقیدا دەبینێتەوە و تا رادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەوتوو بووە، بەجۆرێک ناوی ئیلهام مەدفەعی بە گیتاری رۆژئاوایی بە ئەدا و دەنگیشەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەو شێوازەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا ئیلهام لەسەری بەردەوام بوو و پەرەی پێدا بە کارێکی زۆر گەورە دادەنرێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبووە و لە دەرەنجامی شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆرەوە هاتووە بەتایبەتی لە گواستنەوە و دابەشکردنی موفرەداتی مۆسیقای رۆژهەڵاتی بۆ مۆسیقایەکی رۆژئاوایی تەنانەت داهێنانێکی نوێی دروستکرد کە ئێستا بەناوی ئەوەوە ناسراوە لەوانەش ئەو ئیقاعانەی کە لەسەر مقاماتی عێراقی ئەنجامی دەدات، شارەزایی ئیلهام لەم شێوازە رۆژئاواییە وای کرد کە ئیلهام خۆی بڵێ: من مرۆڤێکی رۆژئاواییم بە گیانێکی عێراقی، رۆژی ٢٠١٣/٩/١٩ لە شاری سلێمانی ئاهەنگێکی ساز کرد، لە سەروبەندی ئەم ئاهەنگەدا لە دەرفەتێکدا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.

**پرۆ فایل:**

**لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو لە بەغدا لە خانەوادەیەکی ناودار بەناوی مەدفەعی لە دایکبووە.**

**لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەستی بە ژەنینی گیتار کرد و لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کە تیپی مۆسیقای لە عێراق دامەزراند، دواتر رووی لە ئینگلتەرا کرد بۆ خوێندنی ئەندازیاری .**

**لە لەندەن لەگەڵ تیپی مۆسیقای (البیت البغدادی) کاری کرد و لە ساڵی ١٩٦٧ گەڕایەوە بەغدا.**

**ساڵی ١٩٧٩ بەغدای جێهێشت و گۆرانییەکانی لەسەرتاسەری جیهان دەنگی دایەوە.**

**سالی ١٩٩١ دووبارە گەڕایەوە بەغدا و تیپێکی دامەزراند بە ناوی (ئیلهام).**

**ساڵی ١٩٩٤ بەغدای جێهێشت**

**ئێستا لە ئوردن دەژیت دوای ئەوەی رەگەزنامەی ئوردنی بەدەستهێنا.**

*** ئەمە چەندەمین جارە دێیتە شاری سلێمانی؟**

- بە خۆشحاڵییەوە من چەند جاری تر هاتوومەتە سلێمانی،بەڵام سەردانەکانم هونەری نەبوون بەڵکو وەکو سەردانی ئاسایی و بۆ بینینی چەند هاوڕێ و دۆستێکم کە لێرەن.

*** ئەی سەبارەت بە کۆنسێرت و کاری هونەری ئەمە چەندەم ئاهەنگە لە سلێمانی سازی دەکەی؟**

- من لە ساڵانی حەفتاکاندا لەگەڵ هاوڕێیان و ئازیزانم سەردانی زانکۆی سلێمانیمان کردووە و چەندین کۆنسێرتمان ئەنجام داوە لەو شارە ئازیزە و خۆشحاڵم کە ئێستا ئەو یادگارە باس دەکەم کە لە یادگاریمدا زیندوو دەبنەوە، بەڕاستی رۆژگارێکی زۆر جوان و خۆش بوو، جگە لە چەند کۆنسێرتێك تاکو ئێستا هیچ کارێکی دیکەی هونەریم لە کوردستان ئەنجام نەداوە.

*** بە بۆچوونی ئێوە ساڵانی حەفتاکان لەگەڵ ٢٠١٣ لە چ روویەکەوە جیاوازییان هەیە؟**

- بە شێوازێکی زۆر گۆڕانکاری بەسەر کوردستاندا هاتووە ئەمە نیشانەی پێشکەوتنە و وا دەردەخات شان با شانی وڵاتانی پێشکەوتوو کاردەکات و بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ،بۆ ئێمەی عێراقی ئەمە شتێکی جیاوازە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئەم پێشکەوتنە لە کوردستان دەبینین زۆر پێی خۆشحاڵ دەبین.

*** وەک هونەرمەندێکی عێراقی و ناسراوی جیهانی شاری سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری ناسراوە، بۆچوونی تۆ چییە سەبارەت بەو شارە و ئەو نازناوە؟**

- ئەو شارە پێناسەی خۆی کردووە لە پێشکەوتنی رۆشنبیری خۆیدا ئێستا دەبینم چەندین زانکۆی تێدا کراوەتەوە کە خزمەت بە گەنج و لاوانی ئەم وڵاتە دەکات، کەم نییە لە پارێزگایەکدا ٦ زانکۆی جیاجیا هەبێت

*** لە ماوەی ڕابردوودا ئەو هونەرمەندە کوردانە کێبوون کە هاوڕێت بوون؟**

- بێگومان هاوڕیی خۆشەویست و ئازیزم هەبووە لە هونەرمەندانی کورد یەکێک لەوانە خوالێخۆشبوو حەمە جەزا بوو کە لە ساڵی حەفتاکاندا لە شەقڵاوە چاومان بە یەکتری کەوت و هاوڕێیەتی و دۆستایەتیمان دەستی پێکرد.

*** پیناسەی کورد و کوردستان چییە لای تۆ؟**

- کوردستان هەمیشە و هەموو کاتێک لە خوێنمدا دەژی لەبەرئەوەی من لە بنەڕەتدا کوردم و شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، باوکم دزەییە و دایکیشم شێروانییە، زۆربەی هاوینەکانی خۆم لە کوردستان بەسەربردووە لە شەقڵاوە و حاجی ئۆمەران و ناوچەکانی دیکە وخوشک و براو کەسوکاریشم دەهاتن و خۆشترین کاتیشمان بەسەر دەبرد بەیەکەوە لەو کاتانەدا سەردانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکامان نەدەکرد تەنها سەردانی ناوچەکانی کوردستانمان دەکرد، چونکە بە بۆچوونی من ئەو سروشتە جوانەی لەو سەردەمەدا هەبوو زۆر جوانتر بوو لە ئێستا کە زۆربەی کراوە بە باڵەخانە، بەڵام کە سەیری چیاکان و تاڤگەکانی کوردستان دەکەم هەستێکی خۆش و جوانم پێدەبەخشێت.

*** ئەوەندە سەرسامی بە سروشتی کورستان هیچ بەرهەمێکت هەیە بۆ کوردستان؟**

- بەداخەوە تاکو ئێستا شتێکی تایبەتم نییە بۆ کوردستان، بەڵام خۆشحاڵ دەبم ئەگەر هۆنراوەیەکی بە پێز و جوانم دەست بکەوێ کارێکی جوان دەکەم بۆ کوردستان .

*** گوێ لە ئاواز و گۆرانی کوردی دەگری؟**

- من زۆر سەرسامم بە ئاوازی ڕەسەنی کوردی کە زۆر کات گوێیان لێ دەگرم بەتایبەت هونەرمەند و هاوڕێی خۆشەویستم عومەر دزەیی لە بەرنامەشماندایە پێکەوە کۆنسێرتێک ئەنجام بدەین ئەگەر هیچ گرفتێک نەیەتە پێشەوە، ئەگەر ڕێکبخرێت ئەو کۆنسێرتە ئەرکێکی گەورەم لەسەر شان لادەچێت.

*** چ جیاوازیەک دەبینی لە نێوان نەوەی ڕابردوو نەوەی ئێستا؟**

- لەم سەردەمەدا پێشکەوتنێکی بەرچاو دەبینرێ لە میدیا و هونەردا وەکو زیاد بوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، چونکە هونەرمەندان دە توانن زیاترکارەکانی خۆیان پەخش بکەن ئەوەش ڕێگایەکی فراوانی کردەوە بۆ هونەرمەندان بۆ ئەوەی بێنە ناو مەیدانی هونەری بۆیە دەتوانن بە ئاسانترین شێوە دەنگیان بگەیەنن بە هاوادارانی خۆیان، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا بەو شێوەیە نەبوو زۆر بە ئەستەم دەمان توانی کارەکانی خۆمان لە تەلەفزیۆن پەخش بکەین.

*** ئەو کار ئاسانی و پێشکەوتنەی کە ئێستا هەیە یارمەتیدەرە یان زیان بەخشە بۆ هونەرمەندان ؟**


-بێگومان یارمەتیدەرە بۆ کارەکانیان .

*** لە کۆتاییدا چ پەیامێکت هەیە بۆ گەلی کورد و کوردستان؟**

- گەلی کورد ئازیز و خۆشەویست و براو ڕۆحی راسەقینەی منن حەز دەکەم لێرە لە کوردستان بژیم

*** ئەمە ئاواتی تۆیە یان بەرنامەی داماتووتە کە لە کوردستان بژی؟**

- هەرچەندە تەمەنێکی زۆرم بەسەر بردووە و کاتێکی زۆرم لەدەست چووە بەڵام کات ماوە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا باقی ژیانم بەسەر بەرم بە تایبەتی کە ئێست هەولێربۆتە پایتەختی گەشتیاری و ڕۆشنبیری و لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە.





# نەجوا کەرەم:
## حەز دەکەم گۆڵچی بم

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەجوا کەرەم رایگەیاند کە بەردەوام چاودێریی وەرزش دەکات بەشێوەیەکی گشتی، چونکە وەرزش هەمیشە یەکێك بووە لە ئارەزووەکانی، بۆیە بەگوێرەی کاتی خۆی هەوڵ دەدات سەیری یارییە وەرزشییەکان بکات بەبێ جیاوازی.

لە چوارچێوەی بەرنامەی (صدی الملاعب) کە لە کەناڵی ((mbc پێشکەش دەکرێت وتی: زۆر حەز دەکەم یارییەك لەنێوان ئەستێرەکان ئەنجام بدرێت ئەو دەڵێت: ئەگەر من لە یاریەکەدا بەشداریم کرد و مافی هەڵبژاردنی یاریزانم هەبێت ئەوا بێگومان گۆڵپارێز دەبم و ناهێڵم گۆڵ لەسەر تیپەکەم تۆمار بکرێت، هەروەها لە تیپەکەمدا پشت بە هەردوو هونەرمەند راغب عەلامە و عاصی ئەلحلانی دەبەستم بۆ ئەوەی یاریم لەگەڵدا بکەن، نەجوا سەبارەت بە یاریزانی باش و کێ بە باشترین یاریزان دەزانێت وتی: من بەردەوام چاودێریی وەرزش دەکەم، بەڕای من باشترین یاریزان ئەوەیە کە بتوانێت سەرنجی بەرامبەر بۆ خۆی رابکێشێت و جەماوەریش خۆشی بوێت، ئەویش ئەوەیە کە لەناو یاریگادا چالاك بێت و زۆر وردیش بێت لەکاتی یاریی کردن و بتوانێت لە چ کاتێك چ هەنگاوێك دەنێت.

# فاتیما دەیەوێ بەخۆی بەرگری لە خۆی بکات

بۆ ماوەی ٤ مانگ (بیرین سات)ی کچە ئەکتەری تورکی فێری هونەرەکانی کوشتن بوو لەسەر دەستی چەندین ڕاهێنەری تایبەت لەو بوارە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لە چەند دیمەنێکی زنجیرە درامای (الانتقام) لە جیاتی پشت بەستن بە دۆبلێر.

بەڵام دوای ئەوەی ڕۆڵەکەی بە باشی بینی و دیمەنەکانی کوشتن وبەرگری لە خۆ کردن کۆتاییان پێهات، بیرین بڕیاریدا بەردەوام بێت لە ڕاهێنانەکانی و لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی هەفتانە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، بیرین ئەم هەنگاوەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە مەشقەکانی پێشووتری بوونەتە هۆی ئەوەی هەست بە خۆشی وبڕوا بە خۆبوونێکی زۆر بکات و بووە خاوەن لەشێکی جوانتر و بەهێزتر، هەروەها وای لێکرد کە بڕوایەکی تەواوی بەوە هەبێت کە پێویستە ئافرەت فێرە هونەرەکانی بەرگری لە خۆ کردن بێت هەر بۆیەش بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بەردەوام دەبێت لەو مەشقانە. بیرین ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕۆڵەکەی لە زنجیرەی (فاتیما) ئەوەی بۆ روون کردەوە کە مەرجە هەندێک جار بیر لەوە بکاتەوە خۆی بەرگری لە خۆی بکات، هەروەها هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە ڕووبەڕووی هێرش و دەستدرێژی ببێتەوە.





# مەریام فارس شەقاوە بووە

کچە گۆرانیبێژی لوبنانی مەریام فارس لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە منداڵیدا کچێکی بە ناز نەبوو، بەپێچەوانەوە کچێکی زیرەك بوو بەجۆرێك زۆر جار لەلایەن هاوڕێیان و دایکی بە (شەقاوە) ناسرا بوو. مەریام ئەوەشی خستەروو کە لەبەر ئەوەی لە تەمەنی منداڵیدا زۆر لە دەرەوە یاری دەکرد بەو هۆیەشەوە ١٥ جار ئۆتۆمبیل لێیداوە، هەروەها زیاتر دەڵێ: لە واقعدا من کەسێکی ئازا و چاو نەترس بووم زۆر باشم لە بیرە کە ١٥ جار ئۆتۆمبیل لێیدام لە ئەنجامی یاریکردنم لەسەر شەقام و یاری کردنم بە خۆڵ و هەڵکەندنی چاڵ، بەڵام هیچ لەو ١٥ جارە مەترسیدار نەبووە، لە ماڵەوە دایکم چادرێکی دانابوو، هەمیشە لەگەڵ باربییەکەم یاریم دەکرد و دوایین باربی کە بۆم هاتبێت تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، بەڵام ئەو کات منداڵ نەبووم بەڵکو بەرهەمهێنەر بووم. ئەو کچە گۆرانیبێژە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لە ئەنجامی گەورە بوونی لە تەمەن و بڕوای تەواوی بەخۆم، ئێستا ئافرەتێکی کامڵم و بەرپرسم لەسەر قسەیەکی خۆم، لە منداڵی کە گۆرانیم دەگوت چەپڵەیان بۆ لێدەدام و ئێستا من زیاتر کامڵ بووم لە ڕووی کەسایەتی و هونەری، جەماوەر کە هونەرمەندی خۆشدەوێت بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی هونەرمەند، بەڵام من لەو بەرپرسیارێتییە ناترسم.

# سۆناکشی دەبێتە بەرهەمهێنەر

بەپێی چەند ڕاپۆرتێك کە بەم دواییە بڵاوکراونەتەوە، ئەستێرەی هۆڵیود سۆناکشی سۆها و هەردوو براکەی لۆف و کوش سینها بە نیازن دووبارە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری باوکیان دوای چەندین ساڵ لە داخستنی دابمەزرێننەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش سیناریۆی فیلمێکی سینەماییان تەواو کردووە بۆ دەستپێکردنی پرۆژە نوێیەکانیان، لەم فیلمەدا سۆناکشی و لۆفی برای ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبێت و لە دەرهێنانی ئۆمیش شۆکلایە، پێشتریش ئەم دەرهێنەرە چەندین فیلمی سەرکەوتووی بەدەستهێناوە، سۆناکشی و براکانی دەیانەوێ هەموو ئەرکەکانی کارە نوێیەکە لە ئەستۆ بگرن و پشت بە یارمەتی باوکیان نەبەستن، لەم بارەیەوە سۆناکشی دەڵێ: دەمێکە بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بەرهەمهێنەری کارەکانی خۆم بم و زیاتر پشت بە خۆم وتوانای براکانم ببەستم، هەروەها نوێکردنەوە و دووبارە بە کارخستنەوەی کۆمپانیاکەی باوکم بە ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی خۆمم زانی تاکو ئەو کۆمپانیایە بە زیندویی بمینێتەوە وناوی باوکمان ون نەبێت وەك بەرهەمهێنەرێکی سینەمایی و بە پێویستمان زانی سەرەتا بە کارێکی تایبەت بە خۆمانەوە دەستپێبکەین، بەڵام لە دوارۆژدا کارەکانمان فراوانتر دەکەین، هیوادارم لەم کارەدا سەرکەوتوو بین و جەماوەر لە کارەکانمان ڕازی بێت.



## کانی هەڵەبجەیی:

# پیت بە پیت تێکستی گۆرانییەکەم بە فرمێسک چنراوە

سەرەتا وەك شاعیرێکی هەست ناسك لەلایەن خەڵکەوە ناسرا، هەرچەندە بواری یاسا و راگەیاندنی خوێندووە لە ئەورووپا، دوای شیعر نووسین کانی هەڵەبجەیی گۆرانییەکی تایبەتی بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە چڕی، ئینجا لە شیعر و گۆرانییەوە رووی لە پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی کرد بە حوکمی ئەوەی لە بواری راگەیاندن و لە بەشی تیڤی خوێندوویەتی، ئێستا بەرنامەیەکی نوێ و تایبەت لە کەناڵی رووداو پێشکەش دەکات لەلایەکی دیکەش بەرهەمێکی نوێی کلیپ کردووە کە لە تێکستی خۆیەتی و بەم نزیکانە بڵاودەبێتەوە.
کانی هەڵەبجەیی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)ی دایەوە.



***تۆمار کردنی یەکەم گۆرانیی خۆشەویستی خۆت پێتوایە زوو بوو یان درەنگ یان کاتی هاتبوو و بۆچی ؟**

- زیاتر لە ساڵێك بەسەر گۆرانیی دووەممدا تێپەڕی کە لەگەڵ حەمید عوسمان بۆ هەڵەبجەمان گوت. لەگەڵ ئەوەی لە بەرهەمی سێهەمم تا رادەیەک درەنگ کەوتم، بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو لە قالبێکی دیاریکراوی گۆرانی دەرچم و بە ستایلێکی نوێ گۆرانی بڵێم.

*** ئایا (کانی)ی پێشکەشکار کاریگەریی نەبوو بەسەر (کانی)ی شاعیر و گۆرانیبێژ؟**

- بێگومان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرم، پێشکەشکاری هێندە لە کاتی گرتووم کە زۆر جار هەست دەکەم شیعری لێ زویر کردووم و تەواو لە گۆرانییش دووری خستوومەتەوە. راگەیاندن زۆر زەحمەتەو کاتی زۆری دەوێت.

***بەرنامەی (گیرفانی کانی) لە ئاست ویست و ئاواتەکانی تۆدایە؟**

- نەخێر لە ئاست ویست و تواناکانی خۆمدا نییە. من بە پێی خوێندنم بۆ یاسا و پاشان راگەیاندن بەشی تایبەت بە تیڤی دەمتوانی بەرنامەیەکی زۆر بەهێزتر بکەم گەر شۆوی هونەری بووایە یان تاڵکشۆیەکی



کۆمەڵایەتی بۆ گفتوگۆیەکی بەهێز، بەڵام گیرفانی کانی توانی کەسایەتیی خۆم نیشانی بینەر بدات، چونکە دوورە لە نواندن و کانی رۆژانی ئاسایی چۆنە هەمان کەسە لەو بەرنامەیەشدا، هەروەها پەیامێکی گرنگی هەیە کە مەبەستم گەیاندنیەتی.

***تێکستی یەکەم گۆرانی خۆشەویستیت رووداوێکی راستەقینەیە، بۆچی ئەم تێکستەت هەڵبژارد؟**

- چونکە پیت بە پیتی بە فرمێسک چنراوە و لەگەڵ هەموو وشەکانیدا ژیاوم، هێندە راستگۆ نووسراوە دڵنیام زۆر زوو بگاتە دڵی گوێگر. پاشان بابەتەکە بەسەر زۆر کەسدا هاتووە و زۆرن ئەوانەی خۆیان لە دێڕەکاند دەبیننەوە.

***بۆچی هەموو ستافی گۆرانییەکەت لە کوردستان هەڵبژارد و سپۆنسەرت نەبوو؟**

-لە کوردستان کەسانی زۆر بەتوانامان هەیە کە بتوانن کارێکی پرۆفێشناڵ بکەن و بە پێویستم نەزانی لەگەڵ ستافێکی بیانی کار بکەم. داوای سپۆنسەریم لە هیچ شوێنێک نەبوو بۆیە سپۆنسەرم نەبوو.

***بیستوومانە دەشنێ موراد هاوکاری کردی، هاوکارییەکەی چۆن بوو، ئایا لە گۆرانییەکە بوو وەك تێکست و ئاواز یان لە کلیپەکە؟**

- دەشنێ موراد لە سەرەتای دروستبوونی بیرۆکەی گۆرانییەکەوە هاریکاری سەرەکیم بوو هەم لە رووی ماددی و هەم لە رووی مەعنەویشەوە، ئەوەی ئەو کردی کەم کەس دەیکات چونکە ئەوە پێگەیاندنی گەنجێکە لە بوارێکدا خۆی کاری تیا دەکات. زۆر سوپاسی دەکەم، چونکە هونەرمەند تەنها کەسێکی دەنگخۆش نییە بەڵکو دوو مەوقیفی وا دیاری دەکات کێ بەڕاستی هونەرمەندە.

*** تا ئێستا تێکستەکانی تۆ لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە کراون بە گۆرانی؟**

- بەڵێ چەند تێکستێکم لەلایەن هونەرمەندانەوە کراونەتە گۆرانی و چەند هونەرمەندێکی دیکەش کاری لەسەر دەکەن. تا ئێستا ئەیوب عەلی، گۆران بەکر، دانیا و دەروون، رەنج، رێکەوت تێکستی منیان گوتووە.

*** بە نیازی لە داهاتوودا پشت بە تێکستی شاعیرانی دیکە ببەستی یان تەنیا پشت بە شیعرەکانی خۆت دەبەستی ؟**

- دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کلیپە بەرهەمێکی دیکەم کلیپ دەکەم کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری ئەمریکییە و من بە ئینگلیزی و کوردی گوتوومە بە ناوی you are my sunshine

*** دوای بڵاوبوونەوەی کلیپەکەت بیر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەم ناکەیتەوە؟**

- من لەبەر تێکستەکانم گۆرانی دەڵێم، بۆیە تا بتوانم پشت بە تێکستەکانی خۆم دەبەستم، بەڵام شیعری هەر شاعیرێکی تر زۆر کارم تێبکات و خۆمی تیا ببینمەوە ئاساییە بیکەمە گۆرانی.

*** کانی شاعیر یان میدیاکار یان گۆرانیبێژ کامیانت زیاتر لا پەسەندە و بۆچی؟**

-هەر کامێکیانم لا پەسەند نەبوایە لە مندا جێی نەدەبۆوە. بەو پەڕی قەناعەتەوە لەو بوارانەدا کار دەکەم و هەریەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە.